د. بورهان یاسین:

# ئۆتۆنۆمیزم رێگرێکی جدیە بۆ بە نێونەتەوەیی بوونی کێشەی کورد



**میدیا - هەولێر/** دکتۆر بورهان یاسین ساڵی ١٩٥٦ لەباشووری کودستان لەدایك بووەو لەساڵی ١٩٨٣ەوە لەوڵاتی سوێد دەژی. لەساڵی ١٩٩٥ دکتۆرای لەزانکۆیی لۆرد تەواوکردەوەو ئێستا مامۆستایە لەبەشی دیراساتی رۆژهەلاتی ناوەڕاست لەزانکۆی لۆردی سوێدی و چوار کتێبی بەچاپ گەیاندوە.

د. بورهان یاسین لەگفتوگۆیەکی لەگەڵ (میدیا)دا پێی وایە کورد خۆی داوای مافی چارەی خۆنووسینی نەکردوە تا دەرەوە پشتگیری بکات.

**میدیا: تاچەند کورد دەتوانێت سود لە یاسا نێودەوڵەتییەکان وەربگرێت بۆ دیاری کردنی مافی چارەی خۆنووسین؟**

– دوو شتی جیاواز هەیە، یەکێکیان یاساکان وەك تێکست ئیتر یاساکانی نەتەوە یەکگرتوەکان بێت یان راگەیاندن و هاوپەیمانێتییە جیهانیەکان بێت، کە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە هەر نەتەوەیەك مافی چارەی خۆنووسینی هەیە، ئەویتر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە.

سەبارەت بەمافی چارەی خۆ نووسین لەسەرەتادا، وەك چەمك، بۆ تاك بەکار دەهێندرا، تا کاتێك لە شۆڕشی فەرەنسیدا ئەو چەمکە گوازراوە بۆ مافی چارەی خۆنووسین بۆ نەتەوەکان، لەدوایی جەنگی جیهانی دووهەم لەدنیادا دوو جۆر سیستەم هاتە ئاراوە کە سیستەمی کاپیتاڵیزم و سیستەمی شۆسیالیزم هەردووکیان تەبەنی مافی چارەی خۆنووسینیان کردووە بۆ نەتەوە.

ئەگەر لە فەلسەفەی سیاسی و

## بەبڕوای من ئەوەی لە ١٩٩٨ بەسەر PKK روویدا هەمان رووداو بوو کە بەسەر شۆڕشی ئەیلولدا هات

یاسایی نێونەتەوەیی بترازێین، بێینە سەرلایەنی پراکتیکی، لەبەرانبەر یاسایی نێونەتەوەیدا پەیوەندییە نێونەتوەییەکان و سیاسەتی دەوڵەتەکان هەیە، ئەوەتا ئێستا کاری پێدەکرێت سیاسەتی واقعیە ئەوەی گرنگە ئەوەیە لە ئاستی تیۆریدا، کورد تائێستا داوای مافی چارەی خۆنووسینی نەکردوە، ئەوەش جیهانی دەرەوەی وا لێ کردووە کە مامەڵەی لەگەڵ کورددا لەدەرەوەی مافی چارەی خۆنووسین بێت.

ئەوەش وادەکات کێشەی کورد لە کێشەیەکی جیهانییەوە راستەوخۆ ببێت بەکێشەیەکی نێوخۆیی ئەو دەوڵەتانەی کە کوردی تێدایە، لێرەدا ولاتانی جیهانی ناتوانن وەك دەگوترێت "لە مەلیك مەلیکترین" چونکە تائێستا کورد خۆیی داوایی مافی چارەی خۆنووسینی نەکردوە تا خەڵکیتر بێت پشتگیری لێ بکات، هەر بۆیە دەرەوە چاوەڕێی ئەوەیە کێشەی کورد لەچوارچێوەی ئەو وڵاتانەدا چارەسەر بکرێت کوردی تێدایە.

لەلایەکی ترەوە کاتێك باسی مافی چارەی خۆنووسین بۆ کورد دێتەگۆڕێ خەڵك لەپێشدا سەیری بەرژەوندییەکانی خۆیی دەکات دواتر لەو چوارچێوەدا وەلام دەداتەوە.

لەمێژووی ئەم پەنجا شەست ساڵەی دوایدا خەباتی کوردی توشی دوالیزمە (موفارەقە)یەکی گەورە بوو کە بە بڕوایی من پشت شکێن بوە، ئەو دوالیزمەش ئەوەیە کە تۆ حەزێکی گەورەت هەیە بۆ بەنێونەتەوەیی کردنی کێشەکەت و کاریشی بۆ دەکەیت. بەلاّم دروشمی بە نێونەتەوەیی کردنەکەت چەوتە، چونکە تۆ لە چوارچێوە ئۆتۆنۆمیی و چارەسەری ناوخۆیدا لەگەڵ دنیادا قسە دەکەیت، ئەگەر بشتەوێت کێشەکەت بەجیهانی بکەیت دەبێت ئەو مەفهومە بەجێبهێڵیت. داوای شتێك بکەیت کە دنیا لێت تێبگات داوای مافی چارەی خۆنووسین دەکەیت.

بۆیە من دەڵێم دەبێت پێش ئەوەی خەڵك تاوانبار بکەین بەوەی پشت گیری کوردی نەکردوە کە داوای مافی چارەی خۆنووسین بکات، دەبێت دان بەوەدا بنێن شۆڕشی کوردی بەشێوەیەکی گشتی هەندێك حالەتی بچوکی لێبترازێت داوای ئۆتۆنۆمی کردووەو دواتر فیدرالی نەك سەربەخۆیی.

**میدیا: بەرایی تۆ ئەگەر کورد داوایی مافی چارەی خۆنووسینی بکردایە پاڵپشی نێونەتەوەی زیاتر دەبوو؟**

– ئەوکات کێشەکەی تۆ بە ئاسانتر دەبووە کێشەیەکی جیهانی، چونکە تۆ خۆت لەوە رزگار دەکەیت کە کێشەکەت کێشەیەکی ناوخۆیی وڵاتێك بێت دەیکەیت بە کێشەیەکی نێونەتەوەیی. ئازاد نەبون لەدوالیزمەی کە دوالیزمەیەکی زۆر جدییە، لەلایەکەوە تۆ دەخوازیت کێشەکەت ببێت بەکێشەیەکی نێونەتەوەیی. بەلاّم لەلایەکی ترەوە هەڵسوکەوتەکانت بەجۆرێکدا دەڕوات کە ناوخۆیی کردنی کێشەکەیی لێ دەکەوێتەوە.

**میدیا: تا چەندە یاسا نێودەوڵەتیەکان وەك ئەوەی کە هەیە جێبەجێدەکرێت، چونکە وەك دەزانین هەموو کێشە نێونەتەوەییەکان بە پێی بەرژەوەندی زلهێزەکان دەڕوات نەك یاساکانی نێودەوڵەتی؟**

– شتێك هەیە ناوی یاسایی نێونەتەوەییە ئەو یاسایە لەچوارچێوەیی تێکستێك دەمێنێتەوە لەڕاستیدا بەهایەکی سیاسی نییە، کاتێك بەهایەکی سیاسی پەیدا دەکات کە دەکەوێتە ئاستی پراکتیکیەوە، وەك پێشتریش گوتم لەبەرانبەر یاسای نێونەتەوەیدا پەیوەندی نێونەتەوەیی و بەرژەوەندی نێونەتەوەیشمان هەیە، لەناو بەرژەوەندییە نێونەتەوەییەکانیشدا دیارە تائێستا دەوڵەتە سەربەخۆکان دەور دەگێڕن، ئەو نەتەوانەی کە

## خەباتی چەکداری کورد دەتخاتە ناو بازنەیەکەوە کە نیوەی خەباتە بۆ ئازادی نیوەکەی تری خۆبەدەستەوەدانە بۆ دوژمنی ژمارە دوو

خاوەنی سەربەخۆیی نین لەماوەی سی ساڵی رابردوودا زیاتر خەریك جێگایی خۆیان دەکەنەوە، هیچ نەبێت لەبواری ئەکادیمیاداو هەندێك جار لەسیاسەتیشدا لەژێر ناوی ئەو ئەکتەرانی کە هێشتا دەوڵەت نین، لەوانەش باسی فەلەستینی کراوەو باسی کوردیش دەکرێت ئەوەش جێگای خۆشحاڵییە.

**میدیا: فەلەستینیەکان لەگەڵ ئەوەی کە دەوڵەتی سەربەخۆیان نییە، بەلاّم لە نەتەوە یەکگرتوەکان چاودێریان هەیە. بەلاّم کورد تائێستا ئەوەی نییە هۆیی چیە؟**

– کار کراوە بۆ ئەوە بەلاّم بەپێی پێویست نەبووە، کاری لەو شێوەیە دژ بەبەرنامەی ئۆتۆنۆمییە کاتێك داوای ئۆتۆنۆمی دەکەیت ئەوە دژی ئەو داوایەیە کە تۆ بتەوێت لەنەتەوە یەکگرتوەکان چاودێرت هەبێت. ئۆتۆنۆمی کێشەیەکی گەورەیە بۆ کورد، چونکە رێگرێکی جدیە بۆ بە نێونەتەوەیی بوونی کێشەی کورد، کە من لەم دواییانەدا بە (ئۆتۆنۆمیزم) ناوم بردوە، کاتێك گووتت ئۆتۆنۆمیزم ئیدی ئەوە دەبێت کتلەیەکی رۆشنبیری سیاسی یاساکۆلۆژی ئەوگەلەیی داوایی ئۆتۆنۆمی دەکات لە باشترین حاڵەتدا داوای نیو ئازادی دەکات، بەلاّم کە داوای دەوڵەتی خۆت کرد واتە داوای ئازادی تەواو دەکەیت. جیاوازیەکی جەوهەری هەیە لە نێوان ئەو کەسەی کە داوای نیو ئازادی دەکات لەگەڵ ئەوەی داوای ئازادی تەواو دەکات .

## ئەوگەلەی داوایی ئۆتۆنۆمی دەکات لە باشترین حاڵەتدا داوای نیو ئازادی دەکات، بەلاّم کە داوای دەوڵەتی خۆت کرد واتە داوای ئازادی تەواو دەکەیت

**میدیا: تاچەندە لە دنیای ئێستادا مۆدیلی دەوڵەت نەتەوە جێگایی دەبێتەوە. لە کوردستانیشدا یەك نەتەوە ناژی تا تۆ داوای دەوڵەتی سەربەخۆی ئەو نەتەوەیە بکەیت کە کوردە؟**

– دەوڵەتی نەتەوە لەسەر دوو مەفهوم دەبێت یەکەم مەفهومی کەلتوری لەوێدا هیچ چارەیەك نییە دەبێت سیفەتێکی کوردی هەڵگرێت وە ئەوانی دیکە دەبێت لەدەرەوەی ئەو چوار چێوەیە دابن. بەلاّم نەتەوە لە سیفەتی سیاسیدا کە لەسەر بناغەیی دەستوری دەوڵەتێکی مەدەنی و هاونیشتیمانی بوون وە بوونی جۆرێك لەگرێبەستی کۆمەلاّیەتی لەنێوان تاکەکان و دەوڵەتدا لەکاتێکی وادا جێگای هەموو نەتەوەکانی تریش دەبێتەوە. لەناو کوردستانیشدا دەژین بۆیە دەبێت کورد لەوە ئاگاداربێت لە زیاتر مەفهومی کوردستانیەت بەکار بهێنێت لەوە بە تەنیا بگوترێت کورد بۆ ئەوەی بتوانین هەموو پارچەکانی کوردستان لە ناو ئەو دەوڵەتەدا جێگایان ببێتەوە.

**میدیا: تۆ دەڵێیت کوردستان هەبێت و نەتەوەکانی تریش لەگەڵ کورددا بژین، ئایە ئەمە هەمان قسە نییە کە عەرەبێك دەڵێت ئێراق هەبێت و کوردەکانیش لەگەڵماندا بژین، ئەوەی تۆ دەیخوازیت جۆرێك نیە لە دووبارەکردنەوە هەڵوێستی دوژمنان بەرانبەر بەکورد بەلاّم لەکاتێکی تردا بەجۆرێکیتر؟**

– ناکرێت هەمان پێناسەبیت، دەبێت جیاوازیەکی گەورە بکەین. چونکە ماوەی حکومڕانی کورد لەباشووری کوردستان بە هەموو کەماسییەکانیشیەوە کە هەندێك جار کەماسی زۆر جدیش بوون، بەلاّم نمونەیەکی باش بووە لە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ کەمایەتییەکان کە پەراوێزێکی زۆر لەکاری سیاسی و ئازادی سیاسی کولتووری فەراهەم کراوە بۆ کەمایەتییەکان.

ئێمە دەتوانین باس لە مافی ئۆتۆنۆمی بکەین بۆ کەمایەتیەکانی ناو کوردستان ئەگەر بێت و بیسەلمێنن کە ئەوان لەپارچەیەك لەخاکی کوردستاندا زۆرینەن.

**میدیا: لە دنیای ئێستادا تا چەندە کورد دەتوانێت بە شۆڕشی چەکداری ئامانجەکانی بهێنێتەدی؟**

– بە بڕوایی من بەشێوەیەکی گشتی کاتی خەباتی چەکداری بەسەرچووە من لەسەرەتایی نەوەدەکانەوە رەخنەی زۆر جدیم لەخەباتی چەکداری گرتوە وە لە ساڵی (١٩٩٨) جارێکی تر هەمان هەڵوێستم دووبارە کردەوە دوایی دەرکردنی عەبدوڵلا ئۆجەلان لەسوریاو ئەو بارودۆخەی ئەوکات بەسەر PKK داهات. بەبڕوایی من خەباتی چەکداری کورد دەتخاتە ناو بازنەیەکەوە کە نیوەی خەباتە بۆ ئازادی نیوەکەی تری خۆبەدەستەوەدانە بۆ دوژمنی ژماری دوو. کوردی باشوور لەسالانی شەست حەفتاو هەشتاکاندا وابەستەییەکی زۆربوون بە ئێرانەوە، PKK خۆبەستنەوەیەکی جدی هەبوو بە سوریاوە، بەبڕوای من ئەوە لە ١٩٩٨ رویدا هەمان رووداو بوو کە بەسەر شۆڕشی ئەیلولدا هات.

بەلاّم جیاوازیەکەی ئەوە بوو PKK بۆشاییەکی سیاسی و ئیداری دۆزیەوە کە خۆی لە شاخەکانی سنوری تورکیا شاردەوە هەروەها پشتیوانییەکی گەورەی کوردی لەئەوروپا هەبوو و خاوەنی راگەیاندنێکی بەهێزیش بوو ئەگەر

## خەباتی چەکداری ناتوانێت ئامرازێك بێت بۆ بەدەست هێنانی سەربەخۆیی لەسەر خاکی کوردستان

ئەو شتانە نەبوایە ئەوە هەمان روداوی ١٩٧٥ دووبارە دەبووەوە بۆیە وەك گوتم ئەو بازنەیە کاتێك بەهەر هۆیەکەوە هەڵوەشایەوە ئیدی ئەو شۆڕشە توشی کارەسات دەبێت.

**میدیا: پێشتر گوتت دژی خەباتی چەکداریم. بەلاّم لەکاتێکدا کە لایەنی بەرانبەر تا ئاستێك دژی تۆیەو مافی قسەکردنت بەزمانی خۆت پێ نادات ئیدی خەباتی مەدەنی دەبێت بە چ شێوەیەك بکرێت؟**

– خەباتی چەکداری بۆ راگرتنی ئاستی باوەڕ بەخۆبوون و ژیاندنەوەی ئەو رۆحەی کە خەوتووە یان لاوازە لە کەسایەتی نەتەوەدا دەتوانێت ئامرازێك بێت. بەلاّم ناتوانێت ئامرازێك بێت بۆ بەدەست هێنانی سەربەخۆیی لەسەر خاکی کوردستان ئەوە باوەڕی منە لەهەڵسەنگاندنی خەباتی چەکداریدا.

لەبەر ئەوەی کوردستان خاکێکی داخراوە کە دەستت ناگاتە سنورێکی ئاوی لەرێگایەوە پەیوەندی لەگەڵ

## لەبەرانبەر یاسای نێونەتەوەیدا پەیوەندی نێونەتەوەیی و بەرژەوەندی نێونەتەوەیی هەیە، لەناو بەرژەوەندییە نێونەتەوەییەکانیشدا دەوڵەتە سەربەخۆکان دەور دەگێڕن

دەرەوەدا ببەستیت وە هەموو سنورەکەی تۆ بەستراوە بە ئەو وڵاتانەوە داگیرکەری خاکەکەتن. لێرەوە لەخەباتی چەکداریدا پەیوەندیت لە رێگای دوژمنی ژمارە دووەوە دەبێت دەکەویتە ناو کۆمەڵێك هاوپەیمانی کە نەك هەر نا موقەدەسن بەڵکو پشت شکێنن بۆ کورد وە دووجار لەمێژووی سی چل ساڵی رابردوودا کورد توشی کێشە بوون لەئەنجامی ئەو هاوپەیمانێتیانە لەساڵی ١٩٧٥و هەروەها لە ١٩٩٨دا لەکۆتایی هەشتاکانیشدا دوای وەستانی شەڕی ئێران ئێراق هەرەسێکی تر بوو بۆ شۆڕشی کورد، بەلاّم جیاوازی ئەوە بوو ئەوکات رانەگەیەندراو جیاوازی تریش ئەوە بوو ماوەیەکی کورتی دوای ئەوە سەددام هەڵە مێژووییەکەی خۆی

کردو پاشان راپەڕین روویدا، بەبڕوای من مۆدیلێکی تری خەباتی چەکداری هەیە کە تائێستا بەکار نەهاتووە ئەویش ئەوەیەکە خەباتی خۆت لە رۆخێکی بچوکەوە ببەیت بۆ ناوەند واتە لەماڵی خۆیدا شەڕی دوژمن بکەیت، ئەگەر بتوانیت ساڵی جارێك لەناو ئەستەنبوڵ پیدرێکی گەورە بتەقێنیتەوە یان شوێنێکی ستراتیژی بکەیتە ئامانج دەتوانیت شەڕەکە ببەیتە ناو خاکی دوژمنەوە.

**میدیا: بەلاّم ئەوەش هەر شەڕی چەکداری نییە؟**

– با خەباتی چەکدارییە، بەلاّم ئەوکات تۆ شەڕەکەت لەماڵی خۆت دەر کردووەو بردوتە ناو ماڵی دوژمن با ئێمە باسی زیانەکانی خەباتی چەکداری بکەین لەباکووری کوردستان کە بەداخەوە زۆر کەم باس دەکرێت. ٣٥٠٠ گوند چوڵکراوە راستە بۆ ئێمە زۆر ئاسانە بڵێین کە ئەمە سیاسەتێکی فاشیانەی دەسەلاّت دارانی ئەنقەرەیە. بەلاّم بەو ئاسانیەش نییە، بەڵکو بەشێکە لە زەریبەی شێوەیەك لە خەبات.

بەشێك لە خەڵك تۆقێندراون ناچارکراون بۆ هەڵگرتنی چەکی جاشایەتی کە ئەو چەکەشی هەڵگرت پەکەکە دێت خۆیوو ماڵ و منداڵەکەی ئازار دەدات یان دەکوژێت لەناویی دەبات ئەوەش وادەکات کە کورد لەو گۆشە لاواز مەحرومەدا باجێکی زێدەدەدات کە ئەو حەرەکەیە لەباشترین حاڵەتدا بەدەستی خۆی نییە لەساڵی ١٩٩٧ جەمیل بایەك لەوەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئایا شەڕی چەکداری لەباکووری کوردستان ئەوەندە دەهێنا کە ئەو هەموو منداڵە بێخوێندن و ئەوەندە گوندە چۆڵ بکرێت ئەو لەوەڵامدا گووتی ئێمە نەمان دەزانی بەو شێوە دەشکێتەوە ئەو پاساوەش کە دوژمن هێرش دەکات سەرتو تۆ ناچاری وەلاّمی بدەیتەوە مانای ئەوەیە کە تۆ کەوتویتە ناو ستراتیجیەتی ئەوەوە کە ئەوە بێگومان لەبەرژەوەندی ئەو دادەبێت.



بەهمەن عومەر
bahman_omer@yahoo.com

## تائێستا کورد داوای مافی چارەی خۆنووسینی نەکردووە، ئەوەش وای لەجیهانی دەرەوەی کردووە لەدەرەوەی مافی چارەی خۆنووسین مامەڵەی لەگەڵ کورددا بێت

# سۆران بەبێ تاکسییە

## کچان لەبەرامبەر شوفێرەکانیان بەگلەیین

**میدیا سۆران/** "گەر شوفێرێك نەفەری لەگەڵدا نەبێت دەستی بۆ راناگرم"، ئەمە قسەی سارا حوسێنی تەمەن ٢٧ ساڵ بوو کە لە لێوار شەقامێکی سۆران وەستابوو و چاوەڕێی دەرکەوتنی ئۆتۆمبێلێکی کرێ بوو بۆ ئەوەی بیگەیێنێتە سەر کارەکەی، ئەو گوتی: "مرۆڤ ناتوانێ سیقە بە هەموو شوفێرێك بکات و سواری ئۆتۆمبێلەکەی ببێت، چونکە هەندێ پیاو خراپ هەن تەنیا بۆ رابواردن بەکچان کاری شوفێری دەکەن".

سارا لەیەکێ لە دەزگا حکومییەکانی شاری سۆران فەرمانبەرە، بۆیە رۆژانە بە ئۆتۆمبێل هاتوچۆ دەکات و ترسی ئەوەشی هەیە کە رۆژێك شوفێرێکی خراپکاری تووش ببێت و بەم هۆیەشەوە کارەکەی لەدەستبدات، ئەو بەپێکەنینەوە گوتی: "زۆر جار ماڵەوە پێم دەڵێن لەگەڵ هەموو شوفێرێك سواری ئۆتۆمبێل مەبە، منیش پێیان دەڵێم کەسە خراپەکان لە روخساریانەوە دەناسرێنەوە، ئەم قسەیەشم تەنیا بۆ دڵنەوایی ئەوانە، ئەگینا کەسی خراپ لەو وڵاتە ئەوەندە زۆرە هەر باس ناکرێ". ئەو وەکو دەیان کچی تری شارەکەی حەز بەبوونی ئۆتۆمبێلی گشتی (تەکسی) دەکات کە لەشارەکەیدا بوونی هەبێ و گوتی: "ئەگەر تەکسی هەبێ لەنێو شاردا، مرۆڤ ترسی پیاو خراپانی نامێنێ و بەئارەزووی خۆی هاتوچۆ دەکات".

محەممەد قادر کە تەمەنی ١٣ ساڵەو لەخوار تەمەنی یاسایی مۆڵەتی شوفێری و ئۆتۆمبێل لێخوڕینە شوفێری ئۆتۆمبێلی تایبەتەو لەنێو شاردا کاری گواستنەوەی هاووڵاتییان دەکات، ئەو ئەگەرچی حەز بە ئۆتۆمبێلی تەکسی ناکات گوتی: "نەبوونی تەکسی لەهەر شارێکدا، ناشارستانییەتی و دواکەوتوویی شارەکە دەردەخات"، محەممەد رەخنە لەحکومەت دەگرێت کە تائێستا هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەی نەداوەو گوتی: "لەوەتەی بیرم دێت سۆران دانە تەکسییەکیشی نەبووە".

زۆرجار لەدەزگا راگەیاندنەکاندا هەواڵی رەفاندنی کچان لەلایەن شوفێرانەوە بڵاوکراوەتەوە "ساڵی پار کچێك لەڕێگای جوندییان دوای ئەوەی لەگەڵ شوفێرێك سوار دەبێت و دواتر هەست بەبوونی مەترسی بەسەر ژیانی و پیلانی شوفێرەکە بۆ رەفاندنی دەکات دەرگای ئۆتۆمبێلەکە دەکاتەوەو خۆی فڕێدەدات"، شەرمین ناوی خواستراوی ئەو کچە ٢٤ ساڵەیە کە لەڕێگای هاوڕێیەکییەوە ناسیمان و ئەو باسی ئەو رۆژەمان بۆ دەکات کاتێ یەکێ لەشوفێرەکانی ئۆتۆمبێلە تایبەتییەکان داوای کاری سێکسی لێدەکات، شەرمین بە پێکەنینەوە گوتی: "بەڕاستی ئەو رۆژەم قەت لەیاد ناچێ، کە تەواو ترس دایگرتبووم و هزرو بیرم تەواو پەرش و بڵاوببوو، دەموت ئێستا گیانم لە لەش دەردەچێ".

شەرمین لەبارەی ئەو رۆژەوە گوتی: "کاتژمێر ١ی نیوەڕۆ بوو، دەوامی دائیرەکەمان کۆتایی هات، منیش بە پەلە هاتمە سەر رێگاکە، ئەوەبوو شوفێرێك لەدوورەوە فول لایەتی ئۆتۆمبێلەکەی پێکرد، منیش لەدڵی خۆمدا وتم پێدەچێ ئەو کابرایە من ئاگادار بکاتەوە کە کاری کرێ دەکات، بۆیە دەستم بۆ راگرت و ئەویش وەستا، هەرکە سواری ئۆتۆمبێلەکە بووم، ئەو دەنگی تەسجیلەکەی زۆر بەرزکرد، بۆیە زانیم ئەو رۆژە بۆ من لەرۆژەکانی تر جیاوازە، پێش ئەوەی بگەینە لای گەڕەکەکەی خۆمان بە کۆڵانێکی تر بایداوە، منیش پێم وت: بۆچی بەو کۆڵانە سەردەکەوتیت؟، ئەویش لەوەڵامدا وتی: بۆ ناتەوەێ ئەمرۆ داوەتی من بیت؟. منیش وتم کام داوەت؟ ئەو وتی: داوەتی عەشق و خۆشەویستی". شەرمین لەو دەمە لەنێو جانتاکەیدا شیشێکی ئەستووری چەند سانتیمی دەردەهێنێت و گوتی: "کاتێ شوفێرەکە ئەو قسەیەی کرد، بەو ئاسنە کەوتمە سەرو گوێلاکی و هەر خوا خوای بوو لە کۆڵی ببمەوە".

شارێکی وەکو سۆران کە دانیشتوانەکەی لەسەرووی ١٢٠ هەزار کەسەوەیە، بازارەکەی بە بازارێکی پڕ جموجوڵی بازرگانی دادەنرێت و خەڵکانێکی زۆری دەرەوەی ئەو شارەش سەردانی سۆران دەکەن، بۆیە گەورەترین کێشە لەبەردەم میوانان و هاووڵاتییانی ئەو شارە، نەبوونی ئۆتۆمبێلی تەکسییە، جەلال مەجید حەسەن سەرۆکی سەندیکای گواستنەوە لقی سۆران، هۆکاری نەبوونی ئۆتۆمبێلی تەکسی لەشاری سۆران گەڕاندەوە بۆ نەبوونی دەستەی گواستنەوە، ئەو بەرپرسە کارکردنی ئۆتۆمبێلی تایبەت بۆ گواستنەوەی هاووڵاتییان بەکارێکی نایاسایی وەسف دەکات لەنێو شارداو بە پێویستی دەزانێ کە رێگری لەو دیاردەیە بکرێت و هەوڵبۆ خستنە بازاڕی تەکسی بکرێت و چیتر خەڵك لەو ئیحراجبونە نەمێنێتەوە، ئەو گوتی: "لە پێش راپەڕینیش ئەم دیاردەیە بەردەوام هەبووەو لەجیاتی ئۆتۆمبێلی گشتی ئۆتۆمبێلی تایبەت بەشێوەیەکی بەرفراوان کاردەکات نەك



هەر لەسۆران بەڵکو لە زۆربەی شارو شارۆچکەکانی کوردستان، خەڵکەکەش وا لێرا هاتووەو هەرچەندە خۆی لەخۆیدا کارپێکردنی ئۆتۆمبێلی تایبەت قەدەغەیە بەپێی یاسا، بەڵام لەواقیعدا هەیە، بۆیە دەبوایە بەبڕیارێکی تازەوە ئەو قەدەغەکردنە توند بکرایە، لەلایەکی تریشەوە دەستەی گواستنەوە (هیئة النقل) لەسۆران نییە بۆ بەدواداچوونی ئەم کارە، ئێمەش وەك سەندیکای گواستنەوە لایەنی جێبەجێکار نین و هەمیشە ئاواتیشمان ئەوە بووە کە ئەو ئۆتۆمبێلانەی لەبواری گواستنەوە کاردەکەن جۆری تەکسی بن نەك تایبەت".

سەرۆکی سەندیکای گواستنەوە گوتی "لەساڵی ١٩٩٨ کە سەندیکامان دەست بەکاربوو لەسۆران ئەو هێڵ و گەراجانەی کە هەبوون کەوتنە بەر بەرپرسیاریەتی ئێمەو لەڕێگای لیژنەکانمانەوە سەرپەرشتی کاروبارییان دەکراو مامەڵەمان لەگەڵ دەکردن لەبەر ئەوەی شوفێرەکان ئەندامی ئێمە بوون و لەچینی هەژارو کەم دەرامەتبوون تا دەست بەکاربوونی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆ لەسۆران لەو کاتەوە ئێمە مامەڵەمان لەگەڵ ئۆتۆمبێلی جۆری تایبەت راگرتووە بەچەندین نووسراویش لایەنە پەیوەندیدارەکانمان ئاگادار کردووەتەوە بۆ ئەوەی هەوڵبدرێت ئەو ئۆتۆمبێلە تایبەتیانەی لەهێڵ و گەراجەکانەوە کاردەکەن بکرێن بە تەکسی و بۆ ئەم مەبەستەش لیستی هەموو ئەو ئۆتۆمبێلانەمان داوە پێیان کە کار دەکەن و پێشنیارمانکردووە ئەولەویەت بدرێتە ئەو ئۆتۆمبێلانەو ئاسانکارییان بۆ بکرێت بۆ بەتەکسیکردنییان بەڵام تائێستا بێ ئاکام بووە".

لەبەرامبەر ئەوەش کە تاچەند نەبوونی تەکسی لەشاری سۆران کاریگەری دروستکردووە بەسەر هاووڵاتییانەوە، سەرۆکی سەندیکای گواستنەوە گوتی: "پێشتر ئۆتۆمبێلی جۆری تایبەت کە کرێیان دەکرد، ژمارەیان کەمبوو لەبەر ئەوە ناسراوبوون بۆیە ئاسایی بوو هاووڵاتی دەست بۆ ئەو ئۆتۆمبێلانە رابگرێت، بەڵام بەپێچەوانە ئێستا ئەو ئۆتۆمبیلە تایبەتیانە کە کرێ دەکەن ژمارەییان ئەوەندە زۆر بووە هاووڵاتییانی تووشی شۆککردووە، زۆر جار هاووڵاتی تووشی تەریقبوونەوەو ئیحراج بوون دەبێت لەکاتی دەستراگرتنی بۆ ئۆتۆمبێلێك، چونکە جاری واهەیە ئۆتۆمبێلەکە هی کرێ نییە، هەروەها زۆر جاریش شوفێرەکان بە هۆڕن و فوول لایت رێبوران ئاگاداردەکەنەوەبۆ ئەوەی بزانن ئۆتۆمبێلی کرێیە، بۆیە کاریگەری هەبووە بەسەر هاووڵاتییانەوە".

جەلال مەجید لەدرێژەی قسەکانیدا ئەوەشی گوت: "زۆر جار هاووڵاتی نازانی کامە ئۆتۆمبێل کاری کرێ دەکات، چونکە هیچ ئارم و نیشانەیەکی دیاریکراوی لەسەر نییە کە بناسرێت بۆیە تووشی ئیحراج بوون دەبێت، بەپێچەوانەوە ئەگەر ئۆتۆمبێلی کە لەبواری گواستنەوە کاردەکات جۆری تەکسی بێت لەڕووی ئارامی و ئاسودەیی و ئەمنی هاووڵاتییان باشتر دەبێت و ئاسانتریش کۆنترۆڵ دەکرێت و دیاردەیەکی شارستانیش بەخۆیەوە دەبینێ، هەروەها باجی دەوڵەت دەدات و لەلایەن پۆلیسی هاتوچۆش مامەڵەی تایبەتیان لەگەڵ دەکرێت، بۆیە ئۆتۆماتیکی ئەوکات دەبنە ئەندامی ئێمەو هەموو کاروبارییان لەلایەن سەندیکا سەرپەرشتی دەکرێت و کێشەکانیان دەکەوێتە ئەستۆی ئێمە بۆ چارەسەرکردنیان لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان".


مەهدی محەممەد رواندزی
mehdi_rwandzi
@yahoo.com

# ئاستی بەرهەمهێنانی بەروبوومی کشتوکاڵی لەبیتوێن دادەبەزێت



**میدیا - رانیە/** کشتوکاڵ لەدەشتی رانیە لە قەیراندایە، جوتیارانی ناوچەکە گلەیی ئەوەیان هەیە کە بازاڕیان نییە بۆ ساغ کردنەوەی کاڵاکانیان و کەمترین خزمەتگوزاری بەکەرتی کشتوکاڵی لەناوچەکەیاندا کراوە شارەزایانیش پێیان وایە کە ئەوە هۆکاری زیاتر چۆڵکردنی گوندەکانی ئەو ناوچەیە لەلایەن جوتیارانەوە.

دەشتی رانیە، لەڕووی داهاتی ئاوەوە یەکێکە لەناوچە دەوڵەمەندەکانی کوردستان و زێی بچووك کە کەوتوەتە باشوری خۆرهەڵاتی دەشتی رانیەوە ئاو بۆ زۆربەی ناوچەکانی دەوروبەری رانیە دابین دەکات.

بەشی زۆری کشتوکاڵی ناوچەکە لەشێوەی پرۆژەی ئاودێری (جۆگە) بنیات نراون، سود لەو زێیە وەردەگرن، جگە لەمەش، لەناو رانیەدا چەندین سەرچاوەی تری ئاو هەیە کەم تا زۆر بۆ دابینکردنی ئاو سودیان لێ دەبینرێت. گرنگترینیان سەرچاوەی ئاوی (قولە)یە، کە لەکاتژمێرێکدا ٢٢٤م٣ ئاوی لێ وەردەگیرێت و، لەچوار وەرزی ساڵدا ئاوی لەبەر دەڕوات. (٣٥٠٠٠) دۆنمی خاکی دێمەکارە و (٢٠٠٠٠)یشی زەویی بەراوە.

ماوەی چەند ساڵێکە بەهۆی گرنگێنەدانی حکومەتی کوردستان بەبواری کشتوکاڵ. زۆربەی جوتیارانی ناوچەکە پشتیان لە بەرهەمهێنان کردووە.

مام (عومەر مینە) جوتیارێکی دێرینی ناوچەکەیە، خاوەنی ٢٥ دۆنم زەویی بەراوە لەگوندی (گولەك)، دەڵێت "ساڵانی رابردوو کونجی و گوڵەبەڕۆژەم دەچاند و بەنرخێکی گونجاو دەمفرۆشتەوە، بەڵام ئێستا ناچارم تەنها گەنم دابچێنم، چونکە هەر ئەو جۆرەی دانەوێڵە کەمێك سودی ماددی بۆمان هەیە، ئەوانی تر بری تێچوویان زیاترە لە دەستکەوتیان".

خاڵ (عەزیز حەمەد)یش وەك جوتیارێکی تری ناوچەکە گلەیی ئەوەی هەیە کە بازاڕ بۆ ساغ کردنەوە کاڵاکانیان نییەو بۆ نمونە "ئەمساڵ سێ تەن پیازم بەرهەمهێناوە، تەنها یەك تەنم بۆ فرۆشراوە پاشماوەکەی لەماڵەوە مایەوە تا رزی"

سەرچاوەیەك لە لقی کشتوکاڵی رانیە، هۆکاری کەمبونەوەی بەرهەمهێنانی بەروبومی کشتوکاڵیی لەناوچەکەدا بۆ نەبونی بەرنامەو نەخشەی گونجاو بۆ بوژانەوەی بنەمای ئابووری وڵات لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێرییەوە گەڕاندەوە، لەقسەکانیدا ئاماژەی بەوەدا کە کۆنترۆڵی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستاندا لەژێر دەسەڵاتی کەسانی پسپۆڕو شارەزادا نییە.

سەرچاوەکە پێیوایە "دوای جەنگی ئازادکردنی ئێراق ئاستی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی لەرانیەو دەوروبەری بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی نیوەی یەکەمی هەشتاکانی سەدەی رابردوو، بەڕێژەی ٣٠٪ دابەزیوە".

سەرچاوەکە لەدرێژەی قسەکانیدا روونی کردەوە کە لەدوای راپەڕینەوە حکومەتی کوردستان پلانی زانستیانەی نەبووە، بایەخی زیاتر بە شارو شارۆچکەکان دراوە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی گوندنشینەکان ناوچەکانی خۆیان جێبهێڵن و روو لە شارەکان بکەن.

لەبارەی ئەوەیشەوە کە ئاخۆ لەئێستادا جوتیارانی بیتوێن زیاتر بایەخ بە چاندنی چ جۆرە بەروبومێك دەدەن، گوتی "بەهۆی ئەوەی چەند ساڵێکە گەنم نرخێکی گونجاوی بۆ دانراوە، ٨٠٪ی جوتیارانی ناوچەکە روویان لە چاندنی کردووە، بەڕێژەیەکی کەمیش پیازو گوڵەبەڕۆژە و کونجی دەچێنرێت".

ئەو بۆ چارەسەرکردنی رەوشی کشتوکاڵ لەناوچەکەدا، چەند پێشنیارێکی خستەڕوو، لەوانە "هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی بازاڕ بۆ ساغکردنەوەی بەروبومی جوتیاران بەتایبەت دانەوێڵە، پەلەکردن لە تەواوکردنی بینای سایلۆی کشتوکاڵی چوارقورنە کە ماوەی ٩ ساڵە زەوی بۆ تەرخانکراوە و بەڵێنی دروستکردنی دراوە، بایەخدان بە هۆشیارکردنەوەی جوتیاران بۆ ئەوەی بەروبومەکانیان بە شێوازێکی زانستیانە بێننە بەرهەم لەگوندی (گردەجان) بەهۆی پەیڕەوکردنی پلانێکی زانستیانەی کشتوکاڵیەوە یەك دۆنم زەوی ١٢٠٠ کیلۆ گەنم بەرهەم بهێنرێت، لەکاتێکدا ئەو شوێنانەی بەبێ پلان داچێنراون لە یەك دۆنم زەویدا تەنها ٢٠٠-٣٠٠ کیلۆ بەرهەم هاتووە".

دواجار ئەندازیاری کشتوکاڵیی (بەختیار کاوەیس) لەبارەی چۆنێتی هەنگاونان بۆ بوژانەوەی بواری کشتوکاڵ لەم ناوچەیەدا گوتی "پەرەپێدانی ئەم گوندانە لەبوارە خزمەتگوزارییەکان و دابینکردنی ئامێرو پێداویستییە کشتوکاڵییەکان بۆ جووتیارانی، گەورەترین هەنگاوە بەئاراستەی بوژاندنەوەی کشتوکاڵ لەناوچەکەماندا" پێشی بو بایەخدان بە گوندەکان وادەکات لەجوتیارانەی کە گوندەکانیان بەجێهێشتوە دووبارە گەڕێنەوە بۆ سەر کارەکەی خۆیان ئەوەش دەبێتە هۆی کەم کردنەوە فشاری زۆر بوونی دانیشتوان لەسەر شارەکان.

هەروەها ناوبراو گوتی "پێویستە لەسەر حکومەت کۆمەڵێك رێ و شوێن بگرێتەبەر لەپێناو گەشەکردنی بواری کشتوکاڵ لەوانە دابینکردنی ئامێری کشتوکاڵی لەڕێی بنکەو لقە کشتوکاڵییەکانەوە، هەروەها پێدانی سلفەی تایبەت بەو کەسانەی دەیانەوێت مەڕو ماڵات بکڕن بۆ بەخێوکردنیان، جگە لەدابینکردنی شوێنی گونجاو بۆیان بەشێوازێکی سەردەمیانە کە دووربێت لە شوێنی نیشتەجێبوونی دانیشتوان، پێویستە بەهەڵکەندنی بیر ئاو بۆ ئەو جوتیارانەش دابین بکرێت کە نیازی دروستکردنی رەزو باخیان هەیەو بێ ئاوی بۆتە گرفت لەبەردەمیاندا. دابینکردنی خوێندنگەو بنکەی تەندروستی و ئاوی پاك و کارەبا و رێگاوبانی شیاو، پێدانی سلفە بەگوندنشینان بۆ دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون".


هەڵۆ مەرگەیی
halomargay
@yahoo.com